


# سابیر رەشید 13 چیرۆکی دڵشاد مەریوانی دەدۆزێتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

"دڵشاد مەریوانی.. نوێکاری چیرۆکی کوردی" نوێترین بەرهەمی نووسەر و رۆماننووسی کورد سابیر رەشیدە و بۆ یەکەمجار چەند چیرۆکێک و درامایەکی دڵشاد مەریوانی بلاّودەکاتەوە کە لە کۆبەرهەمەکانیدا نین.

سابیر رەشید بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: "بایەخی ئەو کتێبە لەوەدایە کە 13 چیرۆکی دڵشاد مەریوانیم لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا دۆزیوەتەوە، پێشتر لە کۆبەرهەمی چیرۆکەکانیدا نین، ئەو کۆبەرهەمەی کە ساڵانی پێشتر د.ئازاد حەمەشەریف لە دەزگای موکریانی چاپی کردووە". جیا لەوەش، هەر لەم کتێبەدا پێنج درامای ئەو نووسەرە شەهیدەی لە کتێب و گۆڤارەکاندا دۆزیوەتەوە .

بەشێکی دیکەی کتێبەکە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیی سابیر رەشید بەناونیشانی (دڵشاد مەریوانی.. نوێکاری چیرۆکی کوردی) کە بیبلیۆگرافیای بۆ سەرجەم چیرۆکەکانی دڵشاد مەریوانی کردووە.

نووسەر لە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەیدا لە نووسینەکانی دڵشاد مەریوانی دەدوێ، بیروڕای ئەو لە بارەی چیرۆکی کوردی بە گشتی و نوێکاریی چیرۆکی کوردی بەدیار دەخات. لە بەشی دووەمدا رای هەموو ئەو نووسەرانە دەخاتەڕوو کە لەبارەی چیرۆکنووسینی دڵشاد مەریوانی دواون. سابیر رەشید لە بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکەیدا باسی هونەری ناونیشان و نوێکاریی ناونیشان لە چیرۆکەکانی دڵشاد مەریوانی دەکات. لە دوایین بەشی لێکۆڵینەوەکەدا بەناونیشانی (نوێکاری لە چیرۆکەکانی دڵشاد مەریوانی دا) نووسەر چەند چیرۆکێکی دڵشاد مەریوانی هەڵبژاردووە و لەڕووی هونەری و تەکنیک و شێواز و نوێکاریی چیرۆکەکانی داوە و بایەخی چیرۆکنووسینی دڵشاد مەریوانی بەدیارخستووە.

# "100 کتێب"ەکەی هەولێر بڵاوکرایەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

"100 کتێب" کە بیبلیۆگرافیای چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی راگەیاندن و چاپ و بلاّوکردنەوەی هەولێرە، چاپ و بلاّوکرایەوە.

سیروان عوسمان، ئامادەکاری بیبلیۆگرافیاکە بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند بیبلیۆگرافیاکە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی راگەیاندن و چاپ و بلاّوکردنەوەی هەولێر لەخۆدەگرێ، بە تایبەتی ئەو کتێبانەی لە سەرەتای 2014 وە تا ئەمدوابیە چاپکراون.

سیروان عوسمان کە بەڕێوەبەری راگەیاندنی چاپ و بلاّوکردنەوەی هەولێرە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە زۆربەی کتێبەکان لە ماوەی قەیرانی دارایی چاپکراون و دەڵێت: "بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لەو بارە نالەبارەی بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپێنرا، خەرجیی لە هەموو لایەنەکانی دیکە گرتەوە و خستییە خزمەتی چاپکردنی کتێبی هەمەجۆر لە هەموو کایەکانی فیکر و فەلسەفە و ئەدەب و مێژوو و فەرهەنگ".

بەگوێرەی ناوەڕۆکەکەی، بیبلیۆگرافیاکە پێکدێت لە (20 کتێبی ئەدەبی، 17 کتێبی مێژوویی، 13 رۆمان، نۆ کتێبی منداڵان، هەشت کتێبی بیرەوەری، پێنج کتێبی چیرۆک، چوار کتێبی سیاسی، سێ کتێبی یاسایی، سێ کتێبی شانۆیی، دوو کتێبی زمانەوانی، دوو کتێبی رۆژنامەنووسی. دوو کتێبی ئاینی، دوو کتێبی کۆمەڵناسی، یەک کتێب لە بوارەکانی شوێنەوار، پەروەردە، لێکۆڵینەوەی فیکری، کارگێڕی، وزە، سینەما، دەروونناسی، فەلسەفە، بیبلیۆگرافیا و یەک کتێبی تایبەت بە زانستی کتێبخانە). (87) دانە لە کتێبەکان بە زمانی کوردی چاپکراون و (13)یشیان بە زمانی عەرەبی.

بەهۆی ناوی (کوردستان)

# تورك دەستکاری رۆمانێکی پاولۆ کۆیلۆ دەکەن


PAULO COELHO
you dare to ask a question, they don't know anything. She went into an Internet café and discovered that the Kurds came from Kurdistan, a non-existent country, now divided between Turkey and Iraq. She went back to the lake in search of the woman and her dog, but she had gone, possi-

bilgisiz olduklarını görürsünüz. Maria bir internet kafe-ye girdi; internette, Kürtlerin Ortadoğu'da yaşadığı ya-zıyordu. Maria, köpekli kadını bulmak için geldiği yere geri döndüyse de, kadın gitmişti bile.
"İşte buyum ben. Daha doğrusu buydum: Kendini

■ ئا: بەسام مستەفا

وەشانخانەی جان کە یەکێکە لە گەورەترین وەشانخانەکانی تورکیا، لە کاتی وەرگێڕانی رۆمانێکی پاولۆ کۆیلۆ دەستکاری ناوەڕۆکەکەی دەکەن و وشەی "کوردستان" سانسۆر دەکەن.

لە چەند رۆژی رابردوودا سی و نۆیەمین چاپی پەرتووکی "11 خولەک"ی پاولۆ کۆیلۆ، نووسەر و رۆماننووسی بەرازیلی بە زمانی تورکی بەناونیشانی "ئۆن بیر دەکیکە" بلاّوکرایەوە.

پاولۆ کۆیلۆ لەو رۆمانەدا لە شوێنێکدا باسی کورد دەکات و دەڵێت: "ئەو کوردانەی لە کوردستان دەژین". بەڵام لە چاپە تورکییەکەدا وشەی "کوردستان" سانسۆر کراوە و لە جیاتی ئەوە نووسراوە "ئەو کوردانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژین".

پاولۆ کۆیلۆ کاتێک باسی ماریا دەکات، دەڵێت: "ئەو چوو بوو کافێیەکی ئینتەرنێت، ئاشکرای کردبوو کە کورد لە کوردستانەوە هاتوون. ئەو دەوڵەتەی کە نییە و ئێستا لە نێوان تورکیا و عێراقدا دابەشکراوە". بەڵام لە چاپە تورکییەکە دەستکاریی ئەم رستەیە کراوە.

رۆماننووسی بەرازیلی پاولۆ کۆیلۆ، ساڵی 1947 لە ریۆ دی جانیرۆی پایتەختی بەرازیل لەدایکبووە و یەکێکە لە نووسەرە بەناوبانگەکانی جیهان. رۆمانە بەناوبانگەکەی بەناوی "کیمیاگەر" لە ساڵی 1988 چاپکراوە. کتێبەکانی پڕفرۆشترینن لە جیهاندا، بە تایبەتی رۆمانی 11 خولەک کە یەکەمجار لە ساڵی 2003 چاپکراوە.




# خۆرەکەی کاروان عومەر هەڵات




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کاروان عومەر، شاعیر و چیرۆکنووس، نوێترین کتێبی خۆی بەناوی "خۆر بۆ هەڵنایەت" چاپ کرد و ئەمڕۆ بلاّوی دەکاتەوە.

کاروان عومەر بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند: "چیرۆکی نێو ئەم کتێبە باس لە رووداوە تایبەتەکانی ژیانی کەسێتیمان دەکات، بەشێکی لە بۆتەی خەیاڵدا و بەشێکی دی لە واقیعی ژیان. باس لەو گرێ دەروونییەی مرۆڤ دەکات کە هەڵگریەتی لەنێو ئەم ژیانە پڕ فەزا و فەوزایەدا، باس لە ئاڵوودەیی مرۆڤی ئەم سەدەیە دەکات بە تەکنەلۆژیا و سەرجەم تۆڕەکانی".

کتێبی "خۆر بۆ هەڵنایەت" حەوت چیرۆک لەخۆدەگرێت و لەسەر ئەرکی تەها رەسوڵ چاپکراوە. بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 15/7/2019 لە مەراسیمێکدا لە دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان لەلایەن دانا کەمالەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێ و پاشان بە واژۆی نووسەر خۆی بدرێتە ئامادەبووان.

# سوبیەکتی خەمبار

◄ بەکر عەلی



2 -2

مرۆڤ ئاژەڵێکە بەرەنگاری هەڕەشەکان دەبێتەوە و زۆرانبازی بۆ مانەوە لە ژیاندا دەکات. درێژەدان بە ژیان لە دوای کارەساتە جەرگبڕەکانەوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەرگەی نەهامەتییەکان دەگرێت و خۆی لەسەر ئەوەش ڕادەهێنێ کە هەڕەشەکان بکاتە مادە و هۆرمۆنێک بۆ دەستپێکێکی تری ژیان. کارەساتی جیابوونەوەی ئەویتری نزیک و ئاشنای نابێتە مایەی کۆتاییهاتنی خۆیشی، بەڵام ناشبێتە مایەی سڕینەوەی هەموو یادەوەرییەکانی کەسی بەسەرچوو، کەسی کۆچکردوو، کەسی مردوو، کەسی دابڕاو. لەڕووی کولتوورییەوە یادەوەری هیچ نییە جگە لە بەشدارکردنەوەی مردووەکان لەناو جیهانیژیاندا. یادەوەری واتە پێدانەوەی شوێنێک بە ئاشنا کۆچکردووەکەمان. مەسەلەی سازدانی پرسە و شیوەنگێڕان بریتین لەو ڕیتوالانەی لێیانەوە جاریکی دیکە شوێنێک دەدەینەوە بە کۆچکردووەکان. سەیر نییە کاتێک کەسێکی ئاشنامان کۆچ دەکات، ئیتر پێمانوایە هێشتا شوێن و جێگەی هەر دیارە. دەبینین پرسە وەک ڕیتوالێک لەنێو هەموو کولتوورەکاندا دەبێتە فاکتۆری دروستکردنی شوێن. لێرەشدا شوێن بریتی نییە لە جێگایەکی فیزیکی، بەڵکو بریتییە لە کایەیەکی گیانلەبەر کە بەرجەستەی ڕۆحی کەسە کۆچکردووەکە دەکات. بەم جۆرە وەک سلۆتەردایک دەڵێت: پرسە مانای ئەوە نییە ئیش لە ئۆبیەکتێکدا بکرێت، بەڵکو مانای ئەوەی بزربووەکە بگوازرێتەوە بۆ ناو شوێنێکی پەلکشاو. لێرەوەیە زیندووەکان دەکەونە زۆرانبازی و ململانێ لەگەڵ ئەو کارەساتی خەمباری و مەرگەساتی پرسەیەوە کە ڕووداوی مەرگ و جیابوونەوە و دابڕان لە نێوانیاندا دەیخاتەوە.

لە داستانی گەلگامیشدا، گەلگامیش لە مەرگی ئەنگیدۆی هاوڕێیدا چارەنووسی خۆی دەبینێتەوە، بۆیە دەکەوێتە زۆرانبازییەکی توند و بێهوودەوە، کە تا دوورترین تخوبەکانی ئەم سەرزەمینەی دەبات، تاوەکو گیای نەمری بهێنێتەوە بۆ ڕزگارکردنی ئەنگیدۆی هاوڕێی لە مردن. لێرەدا شەڕی بێئاکامی لە دژی مەرگ دەردەکەوێت، بەڵام دواتریش لێیەوە چارەنووسی خۆی لە لاشەی مردووی ئەنگیدۆدا دەبینێتەوە. سلۆتەردایک وەها ڕاڤەی ئەم داستانە دەکات، کە بریتی بێت لە فۆرمێکی گەورەی جیهانێک، تیایدا مردووەکان یان دەچنە جیهانێکی زۆر قووڵی ژێرەوە، یان خۆیان دەگەیەننە ئەوپەڕی دوورترین دنیا، بەشێوەیەک کەسە پرسەدار و خەمبارەکە تا ئەوپەڕی دنیا سەرکێشی دەکات بۆ هێنانی دەرمانێک هەم لە دژی جیابوونەوە وهەم لە دژی خۆڵەناوچوون. واتە لەڕووی میتافیزیکییەوە گەلگامیش لەڕێی منە کۆنەکەی خۆیەوە (هاوڕێکەی) دەرک بە مەرگی خۆی دەکات. ئەمە یەکەمین خودهۆشیاریی مرۆڤە تا ئێستا کولتوورەکانی مرۆڤایەتی بۆی جێهێشتووین. مۆدێلێکە دواتر بە سەرهەڵدانی فەلسەفە و ئاین دەڕەوێتەوە و چیتر هۆشیاری بە مەرگ لەڕێی ئەویترەوە نابێت، بەڵکو لەڕێی هۆشیارییەوە بە کۆتایی و بە مردنی خودی خۆم دەبێت.

مۆدێلی گەلگامیشی ئەوەیە مەرگی هاوڕێکەم، کەسە تەواوکەرەکەم و ئاشناکەم، هۆشیاری لای خود بۆ مەرگی خۆی چێ دەکات، بەڵام لە مۆدێلی فەلسەفی و ئاینیدا تەنیا دەرککردن بە کۆتایی خۆم دەبێتە مایەی ناسینی مەرگی خۆم. ڕەنگدانەوەی مەرگی ئەنگیدۆ لە هۆشیاریی گەلگامیشدا، وەهای دەترسێنێ کە هەڵدێت و ( بە توولەڕێیەکی دووردا شۆڕدەبێتەوە نێو دۆڵ و شیوە قووڵەکان). ئەم مەرگە گەلگامیش خەمگین و خەمبار دەکات، بەڕادەیەک ئەو وێنایەی لەو سەردەمەدا بابلییەکان بۆ سنووری دووری دنیا هەیانە، گەلگامیش تەیی دەکات بۆ هێنانەوەی گیای نەمری. لێرەوە ئەم لێکدابڕان و جیابوونەوەیە لە کایەیەکی نزیک و بچووکەوە خۆی دەگەیەنێتە کایەیەکی دوور و گەورە. گەلگامیش بۆ هێنانەوەی گیای نەمری بۆ شاری ئوروک تا دوورترین سنووری جیهان دەچێت. خاڵێکی تری گرنگ کە سلۆتەردایک لە مۆدێلی گەلگامیشیدا بۆ مەرگ تێبینی دەکات، ئەوەیە لەم مۆدێلەدا هیچ وێناکردنێکی میتافیزیکی بۆ مردن شک نابەین، واتە لەو مۆدێلەدا هێشتا هزری ئەوە لەدایک نەبووە کەوا لەودنیا ڕۆحەکان یەکدەگرنەوە. هزرێک کە دواتر ئاینی مەسیحی دایدەهێنێ و پاشان هەموو ئاینەکان پێڕەوی دەکەن.

خەمباریی گەلگامیشی پاشا بۆ مەرگی هاوڕێکەی، دەرەنجامەکەی بە هاوچارەنووسی ڕەنگ دەداتەوە. ڕەنگدانەوەیەک کە گەلگامیش چیتر دەرک بە خودی خۆی دەکات بەوەی ئەویش دەشێت ڕۆژێک بمرێت. لێرەوەیە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی تەنیا بەجێدەمێنی پلەی یەکەمی سەرکەوتنە بەسەر پلیکانەی (خود) وەک تاک. چیتر ڕەنگدانەوەی ئاوێنە لاکانییەکە لە قۆناغێکدا نابێتە مایەی دەرککردن بە خود، بەڵکو ڕیفلەکسیۆنی مەرگی ئەویتر و پێشبینیکردنی دابڕان و جیابوونەوەم لەویتری ئاشنا و نزیکم بریتییە لە ئۆرگانی دروستبوونی من. لێرەوە سلۆتەردایک مۆدێلێکی تری خەمباریمان بۆ دەهێنێتەوە کە پەیوەستە بە لەکیسدانی هاوڕێ ئاشناکەم وەک منی دووەم.

ئەوگوستینوس ساڵی 376 ی زاینی لە کتێبی (دانپێدانانەکان) دا باسی لەکیسدانی نزیکترین و ئاشناترین هاوڕێی خۆی دەکات. لە بیرەوەرییەکانیدا مەرگی لەناکاوی ئەم هاوڕێیەی دێتەوە یاد کە بەشێکی زۆری تەمەنی لەگەڵدا بەسەربردبوو. ئەمە بریتییە لە ئاماژەیەک بۆ هاوژیانی و هاوبوونی و هاوپەیمانیی دووان پێکەوە، دووانەیەک تەنیا ئەوەیان دەرکی دەکات کە بەتەنیا بەجێدەمێنێ و دەمێنێتەوە، لێرەوە ئاوگوستینوس مەرگی هاوڕێکەی دەکاتە ئامرازێک بۆ ڕاڤەکردنی ژیانی خۆی، واتە زیندوو لەڕێی مردووەوە لەمانای ژیانی خۆی وەک تاکێک تێدەگات.

سانت ئەوگوستینوس لە بیرەوەرییەکەیدا دەنووسێت: ئازاری ئەو لە ڕۆحمدا پەنجەرەیەک بوو کە تەنیا مەرگم لێوە دەبینی... نیشتمان لام بووە ئازار و ئەشکەنجە. هەموو ئەو شتانەی کە پێکەوە لەگەڵ ئەودا کردبووم، لام بوونە ئازارێکی بێکۆتا.. چاوانم لە هەموو جێیەکدا بەدوایدا دەگەڕان و کەچی ئەو هیچ خۆی پیشان نەدەدا... ڕقم لەهەموو شتێک دەبووەوە، تا من خودی خۆم لابووە مەسەلەکە. هەموو شت لام تاڵ بوو، تەنیا گریان شیرین بوو لام. لە ڕاستیدا من سەرسام بووم بەوەی کەسانیتر هێشتا زیندوون و کەچی ئەوەی من خۆشمدەویست مرد... لەوەش زیاتر من بەوە حەپەسابووم کەوا خودی خۆشم، کە منی دووەمی ئەو بووم، هێشتا زیندووم و دەژیم، کەچی ئەو مردووە. ڕاستە کە گوتراوە، هاوڕێ نیوەکەی تری ڕۆحە. لەڕاستیدا من ئەو هەستەم هەبوو کە ڕەوانی ئەو و ڕەوانی من تەنیا یەکێک بوون و لە دوو جەستەدا نیشتەجێ بوو. ڕۆحی من لەڕاستیدا هەر یەکێک بووە و لە دوو لەشدا ژیاوە. لەبەرئەوە ژیان لام بووە شتێکی قێزەون، چونکە نەمدەویست وەکو نیوەیەک بژیم.

خەمباریی
گەلگامیش و
ئاوگوستینوس

هەر لە سەرەتاوە دەتوانین تێبینی جیاوازییەک لە نێوان هەردوو چیرۆکی مەرگەساتی هاوڕێکەدا بکەین، بەو جۆرەی سلۆتەردایک دەیخوێنێتەوە، لە چیرۆکە بابلیۆنییەکەدا خەمباری وا لە پاڵەوانەکە دەکات تا دوا سنووری زەوی تەی بکات لەپێناوی هێنانەوەی گیایەک بۆ دژایەتیکردنی شتێکی مەحاڵ و نەکردە کە مەرگە، بەڵام خەمبارە مەسیحییەکە لەڕێی مەرگەوە فێری وانە و پەندێکی گرنگ دەبێت کە بریتییە لەوەی مەرگی دۆستە نزیک و کەسە ئاشناکە دەبێتە مایەی ئەوەی زیندووەکە شوێنی خۆی لەدنیادا سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە. لێرەدا سلۆتەردایک دەڵێت: نووسەری (دانپێدانانەکان) خەمبارییەکەی هەم پلاتۆنیزە دەکات و هەم بەمەسیحییانەی دەکات. لەوەدا بەپلاتۆنییانەی دەکات کە خۆشەویستی لە شتێکی بەسەرچووەوە کردە شتێک بەسەرنەچێت و نەمرێت.. هەروەها بەوەش کردییە مەسیحییانە کە دڵسۆزیی خۆی لە هاوڕێکەیەوە (کە بە لەرزوتا مرد) بداتە مەسیح، ئەمیش بۆئەوە مرد تا بە ژیانە زیادەکەی خۆی مەرگ ببەزێنێ. سلۆتەردایک پێیوایە هەردوو ئەم شێوازە بریتین لە گواستنەوە لە کایەی بچووکەوە (میکرۆسفێرەوە) بۆ کایەی گەورە (ماکرۆسفێر). واتە لە خۆشەویستیی دیار و کۆتادارەوە بۆ خۆشەویستیی نادیار و بێ کۆتا و هەمیشەیی و لە مەرگێکی سادەوە بچێت بۆ مراندنی خودی مەرگ. لەبەرئەوەیە مەسیح خۆی بۆ پاککردنەوەی قەرز و گوناهەکانی مرۆڤ مراند. ئەوەی ئەوگوستینوس دەیکات بریتییە لە دوو ئۆپەراسیۆنی نموونەیی بۆ گۆڕینی میکرۆکایە بۆ ماکرۆکایە. لە ڕووە مەسیحییەکەدا وەها کار دەکات: ونکردنی هاوبەشە نزیکە بچووکەکە بە پەیداکردنی هاوبەشێکی گەورەی دوور جێی دەگیرێتەوە، کە یەزدانە. چونکە ئەوەی نەیەوێت بەنیوەیەکی تەنیا و فەرامۆشکراوەوە بژی، دەبێت سۆراغی تەواوکەرێکی نوێ بکات (سلۆتەردایک). لە ڕووە پلاتۆنییەکەشەوە ئاشکرایە دووانەی عاشق و مەعشوق، سەرەتا وەکو یەک مرۆڤی جوان، پاشان وەکو (جوان)ێک بەگشتی و لەدواجاریشدا وەکو خودایەک لە سەرووی جوانی و لەسەرووی باشەوە خۆی پیشان بدات.

سلۆتەردایک پێیوایە، ئەوگوستینوس "تیۆرییەکی بۆ ڕەخنەی خۆشەویستی" داهێناوە کە ناوەڕۆکەکەی ئەمەیە: مەسەلەکە بۆ ئەوەیە کە لایەنەکانی خۆشەویستی لێک جیابکرێنەوە و دواتر لایەنە دروستەکە هەڵبژێردرێت. واتە ئەوەی ئەوگوستینوس دەیکات بریتییە لەوەی مرۆڤ بکاتە پردێک بۆ گەیشتن بە خودا. چونکە مرۆڤ لایەنە ڕاستەکە نییە لە عەشقدا، کە پلاتۆنیش وای دەبینی، بەڵکو ئەوە شتە نادیارەکەیە کە ئەوگوستین دەیکاتە خودا، ئەوە لایەنە ڕاستەکەیە. ئیدی ئەو کەلێنەی مەرگی ئاشناکەم دەیخاتە بوونمەوە دەبێت بە یەکێکی گەورەتر و باڵاتر پڕ بکرێتەوە. لێرەوەیە ئێمە دەستدەکەین بە گریان و شین و شۆڕ بەدوای مردووەکانماندا. فرمێسکەکان یەکەمین شتن نەک هەر بۆ دڵدانەوەمان، بەڵکو جێگرەوەیەکی ڕۆحین بۆ پەیوەندیی نێوان لایەنەکانی خۆشەویستی. لێرەوەیە ئەوگوستینوس دروست ماهیەتی گریانمان بۆ پێناس دەکات و دەڵێت فرمێسکەکان شیرینن، نەک سوێر. یان وەک سلۆتەردایک لەم نێوبەندییەدا بۆ پرسەسازکردن، دەڵێت: پەیوەندیی ئامێزاندن دەگۆڕێت بۆ پەیوەندیی گریاندن.

بەڵام فرمێسکەکانیش دەبێت ببەزێنرێن و بۆ دڵدانەوەمان بەرەو بوونەوەرێکی ترمان بەرن. فرمێسکەکان قەوارەی ئەو مەرگەساتە سووکتر و بچوکتر دەکەنەوە. لێرەوەیە لەڕووی کولتوورییەوە سازدانی پرسە بۆ مردووان، بە پلەی یەکەم سازدانی دڵدانەوە و ئارامگرتنەوەیە بۆ زیندووان. بەمجۆرە پرسە یەکێکە لەو تەکنیکانەی بۆ ئەوە داهێنراوە مرۆڤی لێقەوماو، کەسی کۆستکەوتوو لێوەی دەست بە ژیان بکاتەوە. کولتوورەکان لەخۆیاندا، سادە بن یان ئاڵۆز، سەرەتایی بن یان پێشکەوتوو، وەکو کارخانەیەک وان بۆ بەرهەمهێنانی تەکنیکەکانی بەرەنگاربوونەوە. تا ئێستاش لەنێو هەموو گرووپە کۆمەڵایەتی و ئێتنییەکاندا کولتوور لەسەر ئەو ڕێچکەیە کاری کردووە کە ببێتە کارخانەی دروستکردنی سیستەمی بەرەنگاری. لەدوای کارەساتی مەرگی ئازیزانمانەوە، بەهیچ جۆرێک ئێمە بەرگەی مانەوەمان نەدەگرت گەر ئۆپەراسیۆنێکی وەکو (پرسە) مان ساز نەکردایە، سەرباری ئەوەی پرسە سازکردن لەخودی خۆیدا مانایەکی میتافیزیکی هەڵگرتووە. بێهۆ نییە لەسەرئاستی سیاسیشدا، کاتێک کارەساتێکی مرۆیی دەکەوێتەوە، دەوڵەتان ماوەی چەند ڕۆژێک پەژارە و خەمباری ڕادەگەیەنن. لێرەوەیە کارەساتی جیابوونەوە یاخود ڕوودانی مەرگ بریتی نییە لە فاکتۆری کۆتاییهێنان بەڵکو بریتییە لە فاکتۆری بەرفراوانکردنی کایەی ژیان.

# کارەک

◄ حەمە مەنتک



دەمەوێ لەو پرسیارەوە دەستپێبکەم: ئایا هەموو کەس دەتوانێت ڕۆمان بنووسێت؟ پرسیارێکی سادەیە و خوێنەرێکی زۆر سادەیش دەتوانێت وەڵام بداتەوە، بێگومان وەڵامەکەی نەخێرە. ئەدی ئەو پرسیارە سادەیە بۆ؟ هەوڵدەدەم وەڵامەکەی بە شێوەیەکی دیکە بدەمەوە. باشە بۆ هەموو کەس دەتوانێت هەقایەتمان بۆ بگێڕێتەوە! تەماشای پیاوێک، یان ژنێکی دنیادیدە بکەن، شەوان هەقایەت و چیرۆکی ئەفسانەیی بۆ منداڵ و نەوەکانیان دەگێڕنەوە. کەواتە بۆ ئەو پیاوە، ئەو ژنە ناتوانێ ڕۆمانێک بنووسێت (بگێڕێتەوە!)؟ خۆ چیرۆک و هەقایەتەکانی ئەویش ڕووداو، کارەکتەر و ململانێی تێدایە. لێرەوە جوابەزییەکە دەردەکەوێت. ئەوەی لە ڕۆماندا هەیە، ڕووداوسازی، کارەکتەرسازی و خولقاندنی کۆی توخمەکانی دیکەیە. بۆ نموونە ڕۆماننووس دەبێ ئەوەمان لە کن ڕوون بکاتەوە، ئەرکی ئەم کارەکتەرە چییە؟ ئامانجی ئەم کارەکتەرە چییە؟ ئایا قسە و ڕەفتاری لەگەڵ پێگەی کۆمەڵایەتی و ژیانیدا یەکدێتەوە؟ واتە لە ڕۆماندا چۆنیەتی خەلقکردنی ڕووداو، کارەکتەر، شوێن، کات، دایەلۆگ، فەزا...تاد گرینگن، نەک خودی ڕووداوەکە، کارەکتەرەکە...تاد.

ئەزموونی بەختیار عەلی لە نووسینی ڕۆماندا، ئەزموونێکە زۆرترین قسەی لەبارەوە کراوە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، کەمترین قسە لەبارەی چۆنیەتی گێڕانەوە، شێوازی گێڕانەوە، چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەم ڕۆماننووسە لەگەڵ توخم و تەکنیکەکانی ڕۆمان کراوە. ئاگاداری ئەوەم چەند نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا لەبارەی بۆ نموونە: بونیادی گێڕانەوە، ڕیالیزمی سیحری و...تاد نووسراون. ئەوەی تێبینی دەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی باسی بابەتەکان کراوە، ئەوە نەبووە (لە زۆربەیاندا) چووبنە بنەوانی بابەتەکە. هاوکات زۆر وتار و ڕەخنەی لەبارەوە نووسراوە. بۆیەیش بەبڕوای من ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی پێویستی بە توێژینەوەی وردتر و زانستیتر هەیە. هێندێک ئەوەندە هۆگری ڕۆمانەکانین، لایەنی هونەری و ناهونەریی دەقەکان وەک یەک دەبینن، هێندێکی دیکە تەنێ بۆ ئەوەی بڵێن دژی بەختیار عەلییە، دەنووسن، نووسینەکەیان مۆرکێکی کەسی پێوە دیارە و دەزانین بۆچوونەکانیان لە کوێوە هاتوون و ئامانج لێی چییە.

من لێرەدا دەمەوێ لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردنی ڕۆماننووس لەگەڵ

# ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە ڕەو

◄ عەبدولقادر نیازی

تەمەنی چیرۆکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناگاتە سەدەیەکیش. لەو ماوە کورتەشدا ڕەنگە بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە تەنگژەی زۆری بەخۆیەوە دیوە، بەڵام لە گۆڕانکاری و توێخهاویشتنیش بەدوور نەبووە.

چیرۆکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە پێکەنینی گەداوە تائێستا کە گۆڕانکاری بنەڕەتی زۆری لە فۆرم و ناوەڕۆکدا بەخۆیەوە دیوە، لەگەڵ ئەوەی کە هانماندەدا ئیقرار بە بوونی ژانرێک بەنێوی چیرۆکی کوردی بکەین، هاوکات ڕەخنەگران پەلکێش دەکا بۆ پۆلێنبەندییەک کە پڕ بە پێستی خۆی بێ.

ئەگەرچی لەسەر چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بە شێوەیەکی شیاو، ڕەنگە تائێستاش لێکۆڵینەوە و شرۆڤەیەکی جیدی نەکرابێ کە وەڵامدەری تەواوی پرسیارەکان و ویست و خواستی خوێنەر و بەردەنگ و کۆمەڵگا بێ، بەڵام ناشکرێ ئەوە بکرێتە هۆی نکۆڵیکردن لە ژانرێک بەنێوی چیرۆک لە وێژە و ئەدەبی کوردیدا.

وێڕای ئەوەش پۆلێنکردنی ئەدەب و وێژەی کورد بە هەردوو ژانرە سەرەکییەکەیەوە (شیعر و چیرۆک)، ڕەنگە بەپێی شوێنکاتی خولقان و بڵاوبوونەوەیان هیچکات پۆلێنکردنێکی شیاو و عادڵانە و دوور لە هەڵە نەبووبێ، بەڵام ڕاستییەکیش کە ناکرێ چاوپۆشی لێ بکرێ، ئەوەیە کە ئەدەبی کوردی لە بواری دیالەکتیک لەگەڵ کۆمەڵگادا زۆر جار تووشی نەهامەتی بووە و ئەو هۆکارە و گۆڕانکاری نێوە نێوەی بارودۆخی کۆمەڵگا لە بوارە جیاوازەکاندا بووەتە هۆکاری چەواشەکاری لەو پۆلێنبەندییانەدا، هەرچەند لە بوار و ساحەی چیرۆکدا بەنیسبەت شیعر، بەتایبەت شیعری مۆدێرنی کوردی، چیرۆک بەڕادەیەکی کەمتر تووشی ئەو نەهامەتییە بووە، بەڵام لەسەر ئەو حاڵەشەوە هەمیشە تا ڕادەیەکی زۆریش توانیویەتی بەپێی شوێنکات شەئن و شکۆی خۆی دیاری بکا و بیپارێزێ.

هەرچەند لەو پۆلێنبەندییانەدا کە تائێستا کراون وەک شێعر، لە بواری چیرۆکیشدا تووشی هەندێ سنووری هاوبەش دەبین، بەڵام ئەوە هیچکات بەمانای ئەوە نییە کە ڕاندۆمانی چیرۆک دابەزێنرێ، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە ڕەشبینانەترین حاڵەتیشدا لە دۆخی چیرۆکی کوردی بڕوانین، ناکرێ چاوپۆشی لە بوون و کارامەیی و ڕاندۆمانی بکرێ.

هەر بە گوێرەی ئەو بۆچوونە، دەبێ بڵێین کە کارکردن لە بواری ئەدەبدا بەگشتی و چیرۆک بەتایبەتی، بەر لە هەموو فاکتەرێک، گرێدراوی پێچ و پەناکانی شوناسی نەتەوەیی و کەڵکەڵە و ڕەهەند و کاناڵە جیهانی و یۆنیڤێرساڵەکان و هەروەها تەجرەبە و ئەزموونە نوێیەکان بووە، ئەوەی لەو نێوەدا بایەخی خۆی مسۆگەر دەکا، چلۆنایەتی ڕووبەڕووبوونەوەی چیرۆکە لەگەڵ شوناس و یۆنیڤێرساڵبوون و فەرهەنگ کە خۆی (فەرهەنگ) پێکهاتەیەکی بەردەوام بگۆڕە و ئەرکی چیرۆک و چیرۆکنووسی کات بەکات دژواتر کردووە. هەر ئەوەش دەمانگەیێنێتە ئەو ئاکام و دەرئەنجامە کە لە پڕۆسەی نووسین و داهێنانی ئەدەبیدا، بەپێی تێم و باکگراوەندە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، نووسین پتر وەک کردە و کۆنێشێکی شوێندانەر لێی بڕوانرێ تا دژکردەوەیەکی داڕووشاوی کۆمەڵایەتی یا ڕۆتین و ژورنالیستی، بەوپێیە ڕەنگە تا ئێستا چیرۆکی کوردی نەیتوانیبێ جیهانی بێ، نە ئەو کەڵکەڵەیەشی لەخۆیدا بەشێوەیەکی ئیجابی و پۆزەتیڤ هەستپێکردبێ یان ڕاگوێزی بەستەرە جیهانییەکانی کردبێ، بەڵام ئەوەی کە لە سەرەتای گرۆگاڵییەوە تا ئێستا هەڵگری کەڵکەڵە جیهانییەکانی وەک ئازادی وغوربەت و سیاسەت و ناسیۆنالیزم و ئەویندارى بووە، نکۆڵی لێ ناکرێ. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بگوترێ کە چیرۆکی مۆدێرنی کوردی تا ڕادەیەکی زۆریش خۆی لە قەرەی فەلسەفە و ڕەواننासی و سیاسەت و کۆمەڵناسیش داوە.

تا ئەو جێیەی کە دەبینرێ چیرۆکی کوردی هیچکات خۆی لەو کەڵکەڵە جیهانییانەی لەسەرەتای خولقانی مرۆڤەوە بەهێزترین خەمی مرۆڤیشیان پێکهێناوە، نەدزیوەتەوە. لەلایەکی

# ـتەرسازیی رۆمان

## رۆمانی (دەریاس و لاشەکان)ی بەختیار عەلی بە نموونە




کارەکتەر و چۆنیەتی خولقاندنی کارەکتەر (کارەکتەرسازی) لە کن ئەو رۆماننووسە لە رۆمانی (دەریاس و لاشەکان)دا بدوێم. یەکێک لە لایەنەکانی خولقاندنی کارەکتەر چۆنیەتی ناونانی کارەکتەرە. تەنانەت لە دوای بڵاوکردنەوەی رۆمانەکانی: مەرگی تاقانەی دووەم، دواهەمین هەناری دونیا و کۆشکی باڵندە غەمگینەکان، جۆرێک لە مۆدێلی ناونانی کارەکتەری هێنایە ناو هونەری رۆمان. زۆرێک لە رۆماننووسانی دوای ساڵی 2000 بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ناونانی کارەکتەرەکاندا کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەم شێوازەی ناونان لە کن بەختیار عەلی. لەم رۆمانەدا ناوەیلی وەک: دەریاس، بیلال ئەشکزاد، ئەرشەد ساحێب...تاد رەهەندی خۆی هەیە. ئەمەیش گەمەیەکی هونەرییە لەگەڵ خوێنەر. ئەم گەمەیە لە کۆی رۆمانەکانیدا پاتە دەبێتەوە. بەمەیش ناوی کارەکتەر دەبێت لەگەڵ قسە و رەفتاری یەکبێتەوە. ((رۆماننووس دەبێت تایبەتمەندیی رووکار، دەروونی و ئاکاری کارەکتەر بە خوێنەر نیشان بدات، بە واتایەکی دیکە کارەکتەرسازی بکات.)) [عابدی: 1371 : 70] کەواتە هەڵبژاردنی ناو بۆ هەر کارەکتەرێک شتێکی لەخۆوە نییە، بەڵکوو دەلالەت و واتای خۆی هەیە. لەم بارەیەوە ئیان وات دەڵێت: رۆماننووسانی هەوەڵین گرینگی زۆریان بە ناونانی کارەکتەران داوە، بەوەی ئەوان تاکێکن لەناو کۆمەڵ، بۆیەیش هەمیشە ناوی گونجاویان هەڵدەبژارد. لە کن بونیادگەر و فۆرمالیستەکان هەموو ناوێک دەلالەتی هونەریی خۆی هەیە. بونیادگەرەکان بڕوایان وایە ناتوانین کارەکتەرێک بەبێ ناو پێشکەش بکەین، هاوکات ئەو ناوە دەلالەتی هونەریشی هەیە. بۆ نموونە لەم رۆمانەدا کارەکتەر (ئەلیاس) دەلاکە، بەڵام کەسێکی نائومێدە لەو بارودۆخە سیاسییەی تێیدا دەژی، بۆیەش بەردەوام باسی شۆڕش و گۆڕانکاری دەکات. ناوەکە لە وشەی (الیێس)ی عەرەبییەوە هاتووە، کە واتای بێئومێد، شکستخواردوو دەگەیەنێ. ناوی دەریاس، ئەگەر ڕیشەکەی بۆ عەرەبی بگەڕێنینەوە، لە وشەی (الدریاس) لە کاری (درس) هاتووە. بە واتای کەسێک بەردەوام دەخوێنێ، کەسێکە لە زانستێک قووڵ دەبێتەوە بۆ ئەوەی تێیبگات. ئەم ناوە ڕێک لە کارەکتەرەکە دەچێت، کەسێکە دکتۆرای لە مێژوو هەیە. بەردەوام لێرە پرسیاری هەیە و بە دوای زانیارییەوەیە. قەمەرخان، ناوێکە پاشکۆیەکی خێڵەکی و عەشیرەتگەرایی هەیە، چونکە خان دەلالەت بۆ کەسێک سەرۆک عەشیرەت و هۆز بێت. ناوی بیلال ئەشکزاد، دەلالەتێکی قووڵی هەیە. وشەی بیلال لە عەرەبیدا بەو تنۆکە ئاوانە دەگوترێ کە بەیانیان لەسەر پەڕەی گوڵ و گەڵا و پەلکەگیا دەبینرێت، واتە خوناو، ئاونگ. لە عەرەبیدا ئەو کەسانەی ئەم ناوەیان هەیە کەسایەتییەکی ئارام، کەمقسە، خوێنەر و رۆشنبیر دەگەیەنێ. هەموو ئەم سیفاتانە لە کارەکتەری بیلالی ئەشکزاددا هەن. ئەشکزادیش بنەچەکەی لە ئەشک و فرمێسکە، ئەمەیش هەر لەگەڵ دەلالەتی ناوەکە دێتەوە. بە گشتی دەتوانین بڵێین یەکێک لە هونەرەکانی خولقاندنی کارەکتەر ناونانی کارەکتەرەکانە، لەم رۆمانەدا ئەم لایەنە زۆر بە وردی و هونەرییەوە کاری لەسەر کراوە.

هەردوو کارەکتەر دەریاس و ئەلیاس بە شێوەیەکی زۆر هونەری پەرەدەسێنن و دەگۆڕێن. واتە کارەکتەرگەلێکن لە یەک چوارچێوەدا نامێننەوە. ئەلیاس کەسێکە داوای شۆڕش دەکات، بەڵام سەرەتا داواکردنەکەی تەنێ لە چوارچێوەی گلەیی و نارازیبووندایە. وەک زۆربەی کورد لە چاخانە و شوێنە گشتییەکاندا دادەنیشن گلەیی و گازاندە دەکەن و خوازیاری شۆڕش و گۆڕانکارین. بەڵام دوای شۆڕش ئەم کارەکتەرە دەبێتە فیگەرێکی سەربازی و سیاسی. تەنانەت لە شوێنێک لە دەریاسی برای توورە دەبێت کە گومان و پرسیار لەبارەی ژەنەراڵ و شۆڕشەوە دەکات. ئەم گۆڕانکارییە هەوڵێکی هونەریانەیە بۆ ئەوەی کارەکتەر چەق نەبەستێ و لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی دەریدەبڕێت وەک یەک بێت. هاوکات دەریاس هەمان شێوە سەرەتا کەسێکە غەریبە بەو کۆمەڵە، غەریبە بەو فەزایە، بەردەوام دەیەوێ خۆی بگونجێنێ، بەڵام ناتوانێ، دواتر ئەویش دەگۆڕێت، بەتایبەت کاتێک لە بەرەکانی جەنگەوە لاشەکان دەگوازێتەوە، برینداره‌کان دەگوازێتەوە، ئیدی وەکوو یاساکەی پاڤلۆف بەهۆی پاتەبوونەوەی شتەکان بەم فەزا و ژیانە ڕادێت.

من کارم بەوە نییە، تێز و فیکری ئەم رۆمانە چییە؟ لەو ڕوانگەیەوە کار ناکەم، رۆماننووس دەیەوێ لەبارەی وەهم و سەرۆکپەرستی و شۆڕشەوە قسەمان بۆ بکات. هەموو ئەم تێمانە پێشتر قسەیان لەبارەوە کراوە. ئەوەی لە کن من گرینگە رۆماننووس چۆن ئەم تێمانەمان بە رۆمان بۆ دەگێڕێتەوە (تێزی تێمەکانیش گرینگن). ئەو کارەکتەرانە چۆن دێن بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆجیاکانیان دەخەنەڕوو؟ یەکێکی دیکە لە لایەنە هونەرییەکانی کارەکتەرسازی لەم رۆمانەدا، توێژینەوەیە لە شتەکان. هیچ کارەکتەرێک نییە قسەی خۆی لەبارەی ئەو چەمک و تێزانەی لەم رۆمانەدا هەن نەبێت. هەموو کارەکتەرێک، کەسێکی بیرکەرەوەیە، بەڵام گرفتەکە لە چۆنیەتی پێشکەشکردنی ئەو تێزانەدایە. دەمەوێ بڵێم، هەموو کارەکتەرێک ڕێی پێدراوە قسە بکات، بەڵام چۆنیەتی پێشکەشکردنی قسەکانی لە ڕووی هونەرییەوە کێماسییان هەیە. ئاشکرایە کارەکتەرەکانی ناو رۆمان لە چین و توێژی جودان، ئاستی بیرکردنەوەیان، دابونەریتیان، شێوازی پەروەردەی خێزانییان و ..تاد جودایە. هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەیان لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و گوفتاریان دەبێت. لەم رۆمانەدا هەموو کارەکتەرەکان بۆچوون و تێڕوانینیان لەبارەی ڕووداو و ئەو شتانەی لەناو رۆمانەکەدا هەن، هەیە. بەڵام هەموویان ئاستی بیرکردنەوەیان یەک ئاستە. واتە کاتێک دەریاس دەپەیڤێت بۆ نموونە لەبارەی شۆڕشەوە، هیچ جوایەزییەکی لەگەڵ ئەرشەد ساحێبدا نییە. ڕاستە لە سەرەتاوە دەزانین دەریاس تەنێ پرسیار دەکات، بەڵام بۆ ڕاڤەکردنی شتەکان هەموویان ڕووی فەلسەفیی شتەکان دەبینن. بۆ نموونە دایکە سەجاد کە پیرەژنێکە و جلوبەرگی کوردی بە دەستووری کۆن دەپۆشێت، قسەکانی لەبارەی مردوو و لاشە و ژیان لە قسەی کەسێکی زۆر خوێندەوار دەچێت کە دەیان کتێبی لەوبارەیەوە خوێندبێتەوە. ((خەڵکی ئەم شارە دەبێت بمرن، دوای ئەوە تێدەگەن وەک زیندوو چ بەشەرێکی نەفام و بێمێشک بوون. لاپەڕە 171)). یان ((ئێستا بەڵکو بە مردوویی، تۆزێک لە ژیان تێبگەیت. لاپەڕە 171)). ئەم شێوەئاخاوتنە هی کەسێک نییە خوێندەواری نەبێت، یان دەیان کتێبی نەخوێندبێتەوە. لەگەڵ ئەوەدام پیرەژنێکی کورد بتوانێت بەو شێوەیە بیر بکاتەوە، بەڵام شێوازی دەربڕینی دەبێت میللییانە بێت، چونکە لەڕێی وەسفی جلوبەرگییەوە تێدەگەین دایکە سەجاد تەمەنێکی زۆری هەیە و بە دوای تەرمی کوڕەکەیدا دەگەڕێت. لەمە پتر هیچ زانیارییەکی دیکەمان لەبارەی ئەم پیرەژنەوە نییە، هێندە هەیە دەزانین ساڵانێکە بە دوای تەرمی کوڕەکەیدا دەگەڕێت. بۆیەش کاتێک مامۆستا مەردان، هەردوو ئەشکزاد، ئەرشەد ساحیب، موجتەبا، حەسەن دادار و هەموو ئەوانی دیکە ئاستی تێڕوانینیان بۆ چەمکەکانی وەهم، شۆڕش، سەرۆک، شەڕ...تاد زۆر لێک نزیکە، خوێنەر هەست دەکات ئەوە خودی بەختیار عەلییە لەناو ئەواندا دەپەیڤێت. بەڵام لە بنەڕەتدا هەر کەسێک دەبێت بەپێی ئاستی بیرکردنەوە و فیکری خۆی قسە بکات و بۆچوونی هەبێت.

لەم رۆمانەدا بەختیار عەلی هێندەی هەوڵی داوە تێز و تێمەکان بگەیەنێت، هێندە لە خەمی گێڕانەوە و تەکنیکەکانی گێڕانەوەدا نەبووە. ئەم قسەیەم واتای ئەوە نییە، ئەم لایەنەی تەواو فەرامۆش کردووە، نا، بەڵام ئەوەندەی خەمی ئەوەی بووە قسە لەبارەی موقەدەس و شۆڕش و تارمایی و سیاسەت بکات، لە زۆر شوێن ڕەوتی گێڕانەوەی لەدەست دەرچووە. بەختیار یەکێکە لەو رۆماننووسانەی تەواو سوود لە شێواز و گێڕانەوەی هەقایەت و ئەفسانەکان وەردەگرێت. لە زۆر رۆمانەکانیدا بە شێوەیەکی هێندە هونەریانە ئەم سوودوەرگرتنەی مەزراندووە، رۆمان و ئەزموونی جوایەزی نووسیوە. لە هەقایەت و ئەفسانەدا هەڵتۆقین و لەناکاو دەرکەوتنی ڕووداو و پاڵەوان شتێکی ئاساییە. پاڵەوانی ناو هەقایەت و ئەفسانە کاتێک دەکەونە تەنگەژەوە، لەناکاو فریادڕەسیان بۆ دەردەکەوێ. بەپێی بۆچوونی گریماس لە هەقایەتدا ئەگەر یارمەتیدەر (فریادڕەس) پەیدا نەبێت، ئەوا ململانێی نێوان پاڵەوان وەکوو نوێنەری هێزی چاکە و دوژمن وەکوو نوێنەری هێزی خراپە بەردەوام نابێت. ڕووداوەکان زۆر جار لەناکاو دەردەکەون. بۆ نموونە لە لاپەڕە (159)دا کاتێک دەریاس دەکەوێتە ژێر ئەو حەشاماتەی خۆپیشاندان دەکەن و شۆڕش دەستپێدەکات، لەناکاو کەسێک دەردەکەوێ و دەستی دەگرێت و هەڵی دەستێنێتەوە. ((کتوپڕ لە چاوتروکانێکدا یەکێک توند دەستی گرت و بە هێزێکی ئەوفسوناوی لە زەوییەکە بەرزی کردەوە و خستییە سەرپێی خۆی، دەستێک کە هێزێکی لە ڕادەبەدەر نائاسایی هەبوو، گەنجێکی جوان بەڵام مۆن و بێدەنگ بوو)). ئەم وەسفە تەنێ لە هەقایەتەکاندا هەیە. منی خوێنەر نازانم ئەم کارەکتەرە لە کوێوە هات؟ وەزیفەی ئەم کارەکتەرە تەنێ ڕزگارکردنی ئەو بووە؟ هیچ زەمینەسازییەک بۆ دەرکەوتنی ئەم کارەکتەرە نەکراوە. ئەگەر دۆخەکە وەها شڵەقاوە بۆ ئەم گەنجە هیچ شڵەژان و بارێکی نائاسایی پێوە دیار نییە. لە زۆر شوێن شێوازی گێڕانەوەی رۆمانەکە زۆر لە شێوازی گێڕانەوەی هەقایەت نێزیک دەبێتەوە. لە زۆر شوێن کاتێک کارەکتەرەکان دەپەیڤن، لەناکاو ڕەوتی گێڕانەوەیان لەبیر دەچێتەوە و دەبنە شیکەرەوەی ڕووداوەکان، بەمەیش رۆمانەکە لەو شوێنانەدا هێندەی لە وتار دەچن، هێندە لە گێڕانەوەی ڕووداوی رۆمانێک ناچن.

**– عابدی (داریوش): 1371: دستور زبان داستان: انتشارات فردا: تهران.**

# ـۆتی چیرۆکی کوردی

دیکەشەوە چیرۆکی کوردی ئەگەرچی زۆر جاریش خۆی لە قەوارە و فۆرمی ڕیالیستیدا دۆزیوەتەوە، لەسەر ئەو حاڵەش هەمیشە بەشوێن ئەو وەڵامانەوە بووە کە لەگەڵ ئەوەی عەقڵانین، هاوکات زەمینەیان بۆ پێکهێنانی چیرۆکیش لە فۆرم و ناوەڕۆکی مۆدێرندا پێکهێناوە.

ئەوەی تا ئەورۆکە لەسەر چیرۆکی کوردی کراوە، بەربژارێک نییە کە بتوانرێ وازی لێ بهێنرێ و چاوپۆشی لێ بکرێ، دەشکرێ بە گەشبینییەکی زۆرترەوە لێی بڕوانرێ.

ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری چیرۆکی کوردی سات بەسات و بە درێژایی مێژووی کەمتەمەنی خۆی پتر جەخت و پێداگری لەسەر ڕیوایەت بووە، دەگەڕێتەوە سەر ئەو ئارگیومێنتەی کە چیرۆکنووسی کورد بەردەوام لە بارودۆخی کۆنکرێتی خۆی هەیبووە و لای وابووە کە چیرۆک سەرەکیترین کەرەستە و ئامرازە بۆ دەرک و تێگەیشتن لە شوناس و تێماتیکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەروەها ئۆرگانیزەکردنی زەمان و مێژوو وشوێنکات.

نەتەوەی کورد بەشبەحاڵی خۆی لەگەڵ ئەوەی کە هەمیشە و بەدرێژایی مێژووی نووسراوی خۆی بەشی ڕیوایەت و گێڕانەوەی خۆی پێ بووە، هاوکات هەمیشە ئەوەی کێشاویەتی و فرچکی پێ گرتووە بایەخ و نرخی گێڕانەوەی هەبووە، بەدڵنیاییەوە دەکرێ چێژی ڕیوایەت و ئەو پاڵنەرانەی کە سترەکتۆرەکانی چیرۆک پێکدێنن لە مێژووی کورددا بدۆزرێتەوە، کورد پتر لەوەی بیەوێ بە قۆرخکردنێکی فاشیستیانە لەگەڵ ڕیوایەت و مێژوو بەرەوڕوو بێتەوە، هەمیشە خۆی بە بەشێکی هەرە گرینگ و بنەڕەتی لە ڕیوایەت زانیوە، چیرۆکی کوردی تا ئێستا ئەوەی بە باشی سەلماندووە کە وەک ئۆبژە لەمانای ڕاستەقینەی خۆیدا کەڵک لە شوێنکات و مێژوو و سیاسەت و کولتووری خۆی وەردەگرێ، ئەوەش وای کردووە کە چیرۆکنووسی کورد، بەدەر لە سەرەتا و کۆتایی و دەرئەنجامی نووسین، هەمیشە کەڵکەڵەیەکی ئێپیستمۆلۆژیکیشی بەشانییەوە بێ کە دنەی داوە بۆ کەشفی حەقیقەت (سوننەت) و لانیکەم ناساندنی ئەمری واقیع و ئەمری حەقیقی (مۆدێرنیتە)، هەربۆیە چیرۆکی کوردی بە هەر شکڵ و شمایلێکەوە ئاراستە کرابێ، بێشک هەڵقوڵاوی ئەو دیاردەناسی و باکگراوەندە ئینسانییە بووە کە دەکرێ لە ڕۆچنەیەکی کرۆنۆلۆژیک و فینۆمێنۆلۆژیکدا شیاوی سەرنج و بایەخ بێ، سەرەڕای ئەوەش حاشای لێ ناکرێ کە چیرۆک لای چیرۆکنووسی کورد بەردەوام کەرەستەیەک بووە بۆ دەروونیکردنی نۆرمە کۆمەڵایەتی وجیهانییەکان کە ئەو فاکتەرەش لە جێگای خۆیدا هەمیشە بووەتە هۆی ئەوەی لە چیرۆک و گێڕانەوە دەرباز نەبێ.

بۆ مسۆگەرکردن و چەقبەستنی شیاوی هەموو ئەو فاکتەرانەیە کە چیرۆکی کوردی پاڵی داوەتە ڕیالیزم و ڕیوایەت، تا لەگەڵ ئەوەی کە لە وەهم و دروشم سڵ بکا، هاوکات پاڵ وەپاڵ شوناس و موختەساتی تایبەتی خۆشی بدا، بەگوێرەی پێوەر و پاڕادایمەکانی پێویست بۆ نووسین و داهێنانی ئەدەبی.

وێڕای هەموو ئەوەی تا ئێرە گوترا، مرۆڤ بەگشتی لەسەرەتای خولقانەوە تائێستا هەمیشە کەڵکەڵەی زانین و ناسینی هەبووە، بەڵام هیچکات ئەو زانایییەی لەسەرخۆی هەستی پێ کردووە، بە قەناعەت و ئارامی و هێمنایەتی ڕووحی نەگەیاندووە و لە کونجکۆڵی و پرسیار دووری نەکردووەتەوە، جۆرێک کە دەکرێ بگوترێ خولقانی مرۆڤ خۆی بە گێڕانەوە دەستی پێ کردووە و مرۆڤ ئەوکاتیش دەستی لەبزۆزی مەدەنی و ئینسانی و عەقڵانی نەکێشاوەتەوە، وێڕای ئەو بزۆزییەش، هەمیشە لەلایەک ترسی لەبیرچوونەوە و لەلایەکیش کەڵکەڵەی هەرمانی لەخۆیدا هەست پێ کردووە. چیرۆک وەک گرینگترین ئامرازی مەعقوولکردنی ئەو نیازە و هەروەها وەک سەرەکیترین ئامرازی کاناڵیزەکردنی ئەو ترس و کەڵکەڵە ئەبەدی و مەشرووعەی مرۆڤ، بەدرێژایی مێژوو هاوشانی مرۆڤ بووە و هانیداوە بەردەوام خەمگین وهەمیشە عەقڵانیتر بێ، پیلانێک کە عەقڵ بە ڕووکردێکی ئیجابییەوە، دژ بە مرۆڤ و بۆ مرۆڤی دادەڕێژێ تا مرۆڤ بۆ ڕاوی بوونی خۆی دووپات بێتەوە و چیرۆک درێژە پێ بدا، بۆ ئەوەی لە بەردەوامبووندا مرۆڤ بخولقێ و ژیان وەدی بێ و پرسیار بێتە کایەوە.

## جەلال بەرزنجی:

# حەز دەکەم بە بلیتێکی یەکسەرە بگەڕێمەوە هەولێر و لە ماڵێکی ئارامدا بژیم

ماڵپەڕی گاردیەنی بەریتانی، سەرەڕای بایەخدانە گەورە و چڕوپڕەکەی بە بواری کولتوور و ئەدەبیات، هاوکات بەردەوام بە دوای ڕێگەی نوێ و پرسیاری نوێوەیە بۆ دواندنی نووسەران، ئەمجارە هەندێ پرسیاری زۆر ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ هەندێ نووسەر ئامادە کردووە کە خوێندنەوەیان و مەبەستی پشتی پرسیارەکان و وەڵامی نووسەرەکان شتگەلێکن بەردەوام خوێنەران لای نووسەران بەدوایدا دەگەڕێن، لە نموونەی باشترین کتێب، باشترین نووسین، باشترین و خۆشەویستترین کارەکتەر و زۆر شتی تری ورد کە خوێندنەوەی وەڵامەکانیان لە زاری نووسەرانەوە هەم چێژبەخشن، هەم ڕووئیایەک بۆ خوێنەر سەبارەت بە هەندێ کتێب و چیرۆک دەکەنەوە.

ئەم هەوڵەی ئێمەش، وەرگرتنی ئەو پرسیارانەیە و ئاراستەکردنیەتی بۆ بەشێک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد، بە تایبەت قسەکردن لەو مەجالە کورت و لەو پرسیارانە لە ناوەندی ڕووناکبیریی ئێمەدا کەمە و بێشک خوێنەرانمان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەن.

لە حەوتەمین گفتوگۆماندا، جەلال بەرزنجی، نووسەر و شاعیر وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

**ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتوور**



**ڕووداو: ڕێک ئێستا چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟**

**جەلال بەرزنجی:** ڕۆمانی (ئەوەی لە ڕۆژێک دەمێنێتەوە) کازیۆ ئیشیگۆرا. کازیۆ، خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە بۆ ئەوەب، ئەو ڕۆمانە کراوەتە فلیم بە ناوی (بەتلەر) خزمەتکار. پەیامی ئەو ڕۆمانە ئەوەیە: هەموومان، هەتا لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکانیشدا بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان خزمەتکارین، هەستی ڕاستەقینەی خۆمان دەشارینەوە و دەمانەوێت بەڕێوەبەرەکانمان و ئەوانەی نهۆمی سەرەوەمان ڕازی بکەین.

**ڕووداو: کتێبێک کە ژیانتی گۆڕیبێت؟**

**جەلال بەرزنجی:** ئایا کتێب دەتوانێت مرۆڤ بگۆڕێت؟ ئەوە پرسیارێکی کۆنە، ڕەنگە وابێت، چونکە دوای خوێندنەوە وەکو خۆمان نامێنین، جگە لەوە دیکتاتۆرەکانیش لە کتێب دەترسن، چونکە وا دەکات کەسەکە وشیار بێت و پرسیار بکات. بە دوای باشبووندا بگەڕێت، هیتلەر لە سەردەمی خۆیدا ملیۆنان کتێبی سووتاند. مێشکی هەندێک مرۆڤ ئاسان نییە بە یەک کتێب بگۆڕدرێت، جگە لەوەش گۆڕان کراوەیە و کاتێکی باشی دەوێت، بەڵام لە کۆتایی ڕۆژ وەک دەڵێن، چیتر کەسێکی ئاسایی نەماویت.

**ڕووداو: کتێبێک بۆچوونتی گۆڕیبێت؟**

**جەلال بەرزنجی:** زۆرجار کۆدێکی جوان ڕامانت لا درووست دەکات. گۆڕان بەسەر بیرکردنەوەتدا دێنێت. لە دوای دۆڕانی هیتلەر، بیری سۆسیالیزم لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و بگرە ڕۆژهەڵاتی خۆشمان برەوی هەبوو، گرنگیدان بە لایەنی هونەریی جوان لە ئەدەب پاشەکشەی کرد، لەو سەردەمەدا بۆریس باسترناک دکتۆر جیڤاکۆی نووسی کە باس لە لایەنی ڕوحیی مرۆڤ و ئاشتی و ئارامی دەکات، کاریگەریی هەبوو لەسەر ڕامانم، بۆیەش ئەو کۆدەی خوارەوەی ئەوم لە پێشەوەی کۆمەڵە شیعری (سەمای بەفری ئێواران)-ساڵی-1979 بەکارهێناوە کە دەڵێت: "دەبێت لە سەردەمە جەنجاڵ و پڕ لە ئاژاوەکانیشدا بە هێمنی بیر بکەینەوە."

**ڕووداو: کتێبێک کە حەزت کردبێت تۆ بتنووسیایە؟**

**جەلال بەرزنجی:** هێشتا کتێبێک نییە لەسەدا سەد حەز بکەم من بمنووسیبایە.

**ڕووداو: کتێبێک کاری لە ستایلت کردبێت؟**

**جەلال بەرزنجی:** هەڵبژاردەیەک لە شیعری سان جۆن پیرس، وێرانەخاکی ت.س ئەلیوت.

**ڕووداو: کتێبێک تۆی گریاندبێت؟**

**جەلال بەرزنجی:** ڕۆمانی (منداڵە بیجامە خەتخەتەکە)، نووسینی جۆن بۆین، چیرۆکێکی تراژیدییە لەسەر سووتاندنی جووەکان لەسەر دەستی هیتلەر، منداڵی ئەفسەرێکی گەورەی نازی، لەگەڵ منداڵێکی کەمپی جووەکان لە ئەمدیو و ئەودیوی سیمی دەوری کەمپەکە دەبنە برادەر، کوڕە ئەفسەرەکە ڕۆژانە خواردنی بە دزی دایک و باوکی بۆ دەبات، لە کۆتاییدا، بە ژێر ئەو سیمەی کونی کردووە، دەچێتە کەمپەکە بۆ ئەوەی بە دوای باوکە ونبووەکەی منداڵە جووەکەدا بگەڕێن، هەردووکیان لەگەڵ ژن و منداڵە جووەکانی تر دەسووتێنرێن.

**ڕووداو: کتێبێک بیکەیتە دیاری؟**

**جەلال بەرزنجی:** گەشتێک بە ڕێگەی خەون، ڕۆمانێکی من لەگەڵ (هەردەمەی لە شوێنێک هەمیشە لە ماڵەوە) ئەوەشیان کۆمەڵە شیعرێکی خۆمە.

ساڵی 1886 ئانتوانت فۆر، کچی سەرۆککۆماری ئایندەی فەڕەنسا فلیکس فۆر، داوای لە مارسێل پروست کردووە وەڵامی چەند پرسیارێک لە دەفتەرە تایبەتەکەیدا بداتەوە، (دەفتەری دانپێدانانەکان، ئالبوومی تۆماری فیکر، هەستەکان و هیتر) ئەم داوایە دوو جار لە مارسێل پروست کراوە، جارێکیان لە چوارده ساڵیدا، جارێکی تر لە بیست ساڵیدا، بە هەمان شێوە من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزت دەکەم.

> **حەزم دەکرد پیر نەبووبام**

**ڕووداو: تایبەتمەنییە باشەکانی پیاو لای تۆ کامانەن؟**

**جەلال بەرزنجی:** ئەو کاتەی لە گەرمەی شەڕدا ئیمزا لەسەر ڕێککەوتنی ئاشتی دەکەن.

ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان؟

جەلال بەرزنجی: هەستیارییان، کە سەرچاوەی میهرەبانی و جوانییە.

**ڕووداو: حەزت لە چییە؟**

**جەلال بەرزنجی:** لە ژوورێکدا بنووسم کەسی لێ نەبێت، هەتا خۆشم.

**ڕووداو: بەختەوەریی ئایدیاڵ چۆن پێناسە دەکرێ؟**

**جەلال بەرزنجی:** ئەو دنیا جوانە لە خەیاڵ و زەینی نووسەرانە، بەڵام لەسەر عاردی دەستناکەوێت، ئەوەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی خەون ببینین و بنووسین.

**ڕووداو: مەزنترین چارەڕەشی کامەیە؟**

**جەلال بەرزنجی:** پێش ئەوەی بمریت، لەناو جێگە ڕەزیل بیت.

**ڕووداو: حەز دەکەی لە کوێ بژیت؟**

**جەلال بەرزنجی:** زۆرم گەشت کردووە، سنووری سێ کیشوەرم بڕیوە، ئێستا تاقەتی گەشتم نەماوە. حەز دەکەم بە بلیتێکی یەکسەرە لە کەنەداوە بگەڕێمەوە هەولێر، لە ماڵێکدا بم، لە گەڕەکێکی ئارام. ئەگەر ماڵەکە باخچەی هەبێت، ڕێگەی دوورم ئەوێندەر بێت.

**ڕووداو: گوڵی دڵخوازی تۆ کامەیە؟**

**جەلال بەرزنجی:** گوڵە هێرۆی کێوی، لە منداڵییەوە حەزم لە ڕەنگ و بۆنەکەیەتی.

**ڕووداو: شاعیری دڵخوازت کێیە؟**

**جەلال بەرزنجی:** شاعیری کاریبی دێرک ولکۆت، سان جۆن پێرس.

**ڕووداو: نووسەرە دڵخوازەکانت کێن؟**

**جەلال بەرزنجی:** هنری جێمس، نابۆکۆف و ئۆرهان پامۆک.

**ڕووداو: جوانترین پاڵەوانی ئەدەبیات لای تۆ کامەیە؟**

**جەلال بەرزنجی:** سانتاگۆی، ڕۆمانی پیرەمێرد و زەریای هەمنگوای.

**ڕووداو: مۆسیقارە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**جەلال بەرزنجی:** ڤاگنەر، شۆپان. هەڵبەتە بتهۆڤنیش.

**ڕووداو: نیگارکێشە خۆشەویستەکانت؟**

**جەلال بەرزنجی:** مۆدلیانی، سلڤادۆر دالی و پیکاسۆ.

> **ڕۆمانی منداڵە بیجامە خەتخەتەکە گریاندوومی**

**ڕووداو: حەزت لە چ ناوێکە؟**

**جەلال بەرزنجی:** زەمەند.

**ڕووداو: ڕقت لە چییە؟**

**جەلال بەرزنجی:** جاسووسی.

**ڕووداو: حەزت دەکرد چ تایبەتمەندییەکت هەبووایە؟**

**جەلال بەرزنجی:** پیر نەبووبام.

**ڕووداو: حەزت لێیە چۆن بمریت؟**

**جەلال بەرزنجی:** لەبەر ئەوەی مەوعیدی مردن نازانم، کە دەژیم دەنووسم وا دەزانم مردن نییە.

**ڕووداو: ئێستا دۆخی ڕۆحیت چۆنە؟**

**جەلال بەرزنجی:** سەقامگیرە، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی شیعرەوە گوزارشت لە ڕەونەقی خۆی بکات.

**ڕووداو: دروشمی تۆ چییە؟**

**جەلال بەرزنجی:** هێنانی جوانی بۆ ناو ژیان لە ڕێگەی وشەی هونەری.

**ڕووداو: ئەگەر بتگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان، دەتەوێت لەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایت، هەر ببیتەوە بە نووسەر؟**

**جەلال بەرزنجی:** دایکم دەزانێت بە پارەی نووسینەکانم ناژیم، بۆیە زۆر جار دەڵێت: "ئەو پەنجا ساڵە ئەگەر هەر کاسبییەکت بکردایە، ئێستا پێی دەژیایت." لەگەڵ ئەوەش، هەر دەمەوێت ببمەوە نووسەر.

**ڕووداو: ئێستا بە چ پرۆژەیەکی نووسینەوە سەرقاڵیت؟**

**جەلال بەرزنجی:** کتێبی (پیاوێکی بیجامە شین) کتێبێکە لەسەر یادەوەرییەکانم، ساڵی 2011 بە زمانی ئینگلیزی لە کەنەدا لەلایەن زانکۆی ئەلبێرتا چاپ کرا، ئەو کتێبە جۆن ڕۆلسن سول، سەرۆکی نووسەرانی نێونەتەوەیی پێشەکیی بۆ نووسیوە، دەڵێت: "گەواهینامەیەکە لەسەر کورد، کە تا ئێستا لەسەر نەخشەی گێتی شوێنی نەبووەتەوە".

ساڵی 1986 تا 1988 لەلایەن دائیرەی ئەمن گیرام، ئەو کتێبە باسی ئەو یادەوەرییە و منداڵیم و کۆچم بۆ کەنەدا دەکات، تا ئێستا لە کەنەدا چەندجار بووەتە پڕفرۆشترین و خەڵاتی بردووەتەوە. ساڵی 2011 لە کۆی 196 کتێبی دنیا خەڵاتی یەکەمی بردەوە، ئێستا ئیشی لەسەر دەکەم بە کوردی چاپی بکەم.

---

# تیمساحە ئەفسووناوییەکان

فەدوا عەبوود

وەرگێڕانی: سەنگەر زراری

کەس نازانێ کێ نیگاری ئەم تابلۆیەی کێشاوە؟!

تابلۆکە سەرانسەری دیواری باڵەخانەی زانکۆی داگرتووە. وا دێتە بەرچاو کە نیگارکێشێکی مەست بەهەڕەمەکی فڵچەکەی ڕاوەشاندبێ.

تابلۆکە بووەتە جێسەرنجی سەردانکەران و مێشکی ئەو قوتابیانەشی جۆشداوە کە بەناو ڕاڕەوەکەدا بڵاوبوونەتەوە. هەندێ لەو مامۆستایانەی سەیری تابلۆکەیان دەکرد، بەهۆی ئەم سەیرکردنەوە گلەییان لە ئازاری سینگ و دڵئێشە دەکرد و دەستیان دەلەرزی.

هەموو شتێک ئاسایی بوو، تا ئەوکاتەی تابلۆکە بێدەنگیی شکاند.

لە کۆنەوە دەگوترێ، هەندێ تابلۆ دواهەست و سۆزی نیگارکێشەکەیان لە ناخی خۆیاندا هەڵگرتووە. دەگێڕنەوە: پاشایەک لە گەدایەک، کە حوکمی لەداردانی بەسەردا سەپێنرابوو، دەپرسێ ئاخۆ دوا ئاواتی بەر لە مردنی چییە؟! ئەویش گوتوویەتی: دەمەوێ تابلۆیەک بکێشم. پاشا ڕێگەی ئەوەی پێدەدا، دەستەیەک قەڵەمڕەنگی بۆ دێنن و نیوڕۆژیش کاتی دەدەنێ بۆ ئەنجامدانی کارەکەی.

بەیانیی ڕۆژی دواتر و دوای ئەوەی حوکمی لەداردانەکەی جێبەجێ کرا، لە ژووری بەندییەکەیدا، تابلۆیەک دەدۆزنەوە کە تیایدا وەستایەکی دروستکردنی شمشێر، شمشێرێکی لەسەر ئاگرێک سوورکردووەتەوە و دەیکوتێت، نامەیەکیشی لە تەنیشتە. کاتێ تابلۆکەیان پێشانی پاشاکە دا، لە بڕیاری لەداردانەکەی پەشیمان بووەوە، بەهۆی ئەوەی کاتێ ئەوەی پێ نەدابوو شمشێرەکەی بەتەواوی دروست بکات و ساف و لووسی بکات. فەرمانی دا تابلۆکە لە ژووری نووستنیدا هەڵواسن و لەژێری بنووسن: "دیاری لە نیگارکێشی نیگارکێشانەوە بۆ پادشای بەخشندە، کە نیوڕۆژ و قوتوویەکی تەواوی قەڵەمڕەنگی پێبەخشی".

ڕۆژی پاشتر، پاشا کە هیچ پاسەوانێکی لەکن نەبوو، بە کوژراوی دۆزرایەوە. وەستای دروستکردنی شمشێرەکەش لە تابلۆکەدا بزر بوو. خوێن لە شمشێرەکە دەتکا و لە تەنیشت سەری بڕاوی پاشا دانرابوو.

هیچ یەکێک لە مامۆستاکانی زانکۆ باوەڕیان بەم جۆرە حیکایەتانە نەبووە، لایان وابوو کە ئەم جۆرە بابەتانە تەنیا لە "هەزار و یەک شەوە"دا هەیە. بەڵام ئەم تابلۆیەی ئێستا بەرامبەر نووسینگەکانیان دانراوە، بارودۆخەکەی گۆڕیوە. هەموو بەیانییەک مامۆستاکان هەست بە شتێکی نوێ دەکەن. هەندێ ڕۆژ دڵۆپەئاو لەسەر ڕووی تابلۆکە دەبینرێ و قەوزە ڕووی داپۆشیوە، قەوزەکە ڕۆژانە وردە وردە زیاد دەکات، ڕۆژانی دواتر لەناو تابلۆکەدا چەند سەرە تیمساحێک بەدیار کەوتن.

تیمساحەکان بە دوو چاوی زەرد و زەقەوە دەیانڕوانییە ڕێبواران، بزر دەبوون و سەرلەنوێ بەدیاردەکەوتنەوە. کەس نەیدەوێرا ئەوە بدرکێنێ کە چی بینیوە؟! بەڵام دوای ئەوەی شانی قوتابییەک شکا و قوتابییەکی دی زیرەی کرد و تۆقی، ڕاگرایەتی بەشەکە داوای کۆبوونەوەی کرد و بڕیاری لادانی تابلۆکەیان دا.

کرێکارەکان سێ ڕۆژ خەریکبوون تا تابلۆکەیان لەسەر دیوارەکە سڕییەوە. بۆ بەیانیی ڕۆژی چوارەم، تابلۆکە وەکو خۆی و لە شوێنی خۆی بەدیارکەوتەوە.

هەفتەی پاشتر نیگارکێشێکی بەناوبانگیان هێنا بۆ ئەوەی تابلۆکە بسڕێتەوە، دوو ڕۆژ دوای کارکردن و پێش ئەوەی نیگارکێشەکە کارەکەی تەواو بکات، بەهۆی "تا"وە گیانی لەدەستدا. نیگارکێشێکی دی پێیگوتن سڕینەوەی ئەم تابلۆیە ئەستەمە و ئەو پێشتر مامەڵەی لەگەڵ ئەم جۆرە تابلۆ نەفرەتیانەدا کردووە.

"ئەی چار چییە؟!" ڕاگری زانکۆ پرسی.

"چارەسەر لای منە"، نیگارکێشەکە بەمجۆرە وەڵامی دایەوە و وای بەباش زانی کارەکە بە شەو بکرێ.

نیگارکێشەکە لە نیوەشەودا هەوڵی دا وێنەی تیمساحەکان لەڕێگای دروستکردن و زیادکردنی وێنە و ڕەگەزی دیکە لەناو تابلۆکە بزر بکا، بۆ نموونە وێنەی دەموچاویان دەستکاری بکات و شێوەیەکی جوانیان پێ بدا، وێنەی ژمارەیەک پەپوولە لەسەر ڕووی تابلۆکە دروست بکات و وێنەی ڕووبارە تەڵخەکەش بە ڕەنگی شین ڕەنگ بکات، بەڵام هەموو ئەمانە سوودیان نەبوو، نیگارکێشەکە وای بیردەکردەوە بەگۆڕینی شکڵ و شێوەیان، تیمساحەکان بگۆڕێن بۆ بوونەوەری ماڵی و بەسۆز، بەڵام هەر ئەوەندەی دەستی بۆ دەموچاوی یەکێکیان درێژکرد، کارەساتەکە ڕوویدا، بۆ بەیانی بینییان تەختەی وێنەکێشانەکە و قەڵەمڕەنگەکان تێکەڵ بە خوێن بوونە.

لە کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی دەستەی خوێندندا، هەندێک پێشنیاری ئەوەیان کرد کە دیوارەکە بەتەواوی بڕووخێنرێ، بەڵام ڕاگری زانکۆ، پاش ئەوەی بینی نیگارکێشەکان چییان بەسەرهات! لەم پێشنیارە ترسا و ڕەتیکردەوە، مۆڵەتی هەفتەیەکی پێدان بۆ ئەوەی بیربکەنەوە و چارەسەرێک بدۆزنەوە، کاتەکە تێدەپەڕی و ڕاگریش چاودێریی تابلۆکەی دەکرد.

هەندێ جار تابلۆکە وادەردەکەوت بەتاڵە و هەندێ جاریش تیمساحی گەورەی تێدا بەدیاردەکەوتن، کە بە چاوی تیژ لە قوتابییەکانیان دەڕوانی، جارانی دواتر، تیمساحەکان لە نووسینگە داخراوەکانی مامۆستایانیان دەڕوانی کە بۆنی گرمخایان لێ دەهات و مامۆستاکانیش بۆ خۆحەشاردان لە چاوی ئەوان، ناچاربوون کۆبوونەوە نهێنییەکانیان لەگەڵ قوتابیان، بگوازنەوە بۆ ئەپارتمانە کەمنرخەکانی دەرەوەی زانکۆ.

پاش چەند ڕۆژێک، بارودۆخەکە خراپتر بوو، مامۆستاکان بینییان دەرگای نووسینگەکانیان کراوەتەوە، دەفتەری تاقیکردنەوەکان سەح دراون و هێمای هەڕەمەکییان لەسەر نووسراوە، هەندێ لە دەفتەرەکان کە سپی بوون و هیچیان لەسەر نەنووسرابوو، پلەی زۆر بەرزیان پێدرابوو، کەچی ئەو دەفتەرانەی وەڵامەکانیان تەواو بوو، سفریان پێدرابوو.

قوتابییە کەوتووەکان لەبەردەم نووسینەگەکان کۆبوونەوە و سکاڵایان دەکرد، سکاڵای قوتابیان نەک هیچ سوودێکی نەبوو، بەڵکو شڵەژان و ئاژاوەکەشی زیاتر کرد. مامۆستاکان دەیانبینی موحازەرەکان بە ئامادەکراوی لەسەر مێزەکانیانە، ڕەشنووسی موحازەرەکان پڕبوون لە ڕستەی گاڵتەئامێزی وەکو: ڤۆڵتێر بووەتە گۆرانیبێژ و ئەنیشتاین بووەتە بیرمەندێکی بوونگەرا و دیکارت لە فەیلەسووفە عەبەسییەکانە. لەگەڵ ئەمانەشدا، چەند پارچە کاغەزێکیان دۆزیەوە کە هۆشداری ئەوەی پێدەدان، بە هیچ شێوەیەک لەمەی بۆیان نووسراوە لانەدەن!

ڕاگری زانکۆ بێ ئەوەی بیانخوێنێتەوە، بڕیارەکانی ئیمزا دەکرد، قوتابییەکان وایان بڵاوکردەوە کە تیمساحەکان لەجیاتی ڕاگر، نووسراوەکان ئیمزا دەکەن، بەڵام کەس ئەمەی بە ئاشکرا و ڕاشکاوی نەدەگوت. تەنانەت هیچ قوتابییەکیش بەدەر نەبوو لە کاریگەربوون بە تیمساحەکان، بە پەرتوبڵاوی بەناو ڕاڕەوی زانکۆکەدا هاتوچۆیان دەکرد و جگە لە بەخت و ڕێکەوت، باوەڕیان بە هەموو شتێکی دی لەدەستدابوو.

بەیانییەک یەکێک لە قوتابییەکان گاڵتەی لەگەڵ پشیلەیەکی بچووک دەکرد، کاتێک پشیلەکەی بۆ ئاسمان هەڵدا، یەکێک لە تیمساحەکان قووتی دا و بە قوتابییەکە پێکەنی، لەدوای ئەم ڕووداوە، قوتابییەکان وایان لێهات، لە تیمساحەکان نزیک دەبوونەوە و لەجیاتی کتێب، جانتاکانیان پڕی مشک دەکرد، هەندێ لە قوتابییەکان کەروێشکیان بۆ تیمساحەکان دەهێنا و هەندێکیان مریشکیان بۆ هەڵدەدان. بەتێپەڕینی کات، مامۆستاکانیش هەمان ئەو شتەیان دووبارە دەکردەوە کە قوتابییەکان دەیانکرد، وای لێهات تیمساحەکان بەو مشک و کەروێشکانە تێر نەبن کە بۆیان دەهێنرێ و جیرەی ددانیان دەهات و بەتووڕەییەوە تەماشای قوتابییەکانیان دەکرد.

ڕاگرەکە چەند هەوڵی دا چارەسەرێک بدۆزێتەوە، بێسوود بوو، تا بڕیاری دا: "دیوارەکە دەڕوخێنین و دەیخەینە ناو ڕووبار".

"ئەمە چارەسەرە"، مامۆستاکان، کە لە نووسینگەکەی ئەودا کۆببوونەوە، وایان گوت و چەپڵەیان بۆ لێدا.

بەیانیی ڕۆژی دواتر، کاتێ لە دەرگا چوونە ژوورەوە، بینییان تابلۆکە گەورە و فراوان بووە و هەرچوار لای دیوارەکەی داگرتووە، پێش ئەوەی کرێکارەکان دەست بە ڕووخانی دیوارەکان بکەن، ئاوی ڕووبارەکە زیادی کرد و لەناو گێژەڵووکەکەدا تیمساحی گچکە و گەورە بەدیارکەوتن و کەوتنە سەر زەوییە مەرمەڕکە، پاشان ئاوی بەخوڕ بەرەو دەرگای دەرەوە ڕایماڵین، لەوێوە تیمساحەکان سەرپێ کەوتن و ئاوەکەش زیاتر هەڵقوولا و بەرەو شارەکە ڕاکشا.

**فەدوا عەبوود (فدوى العبود): ژنە چیرۆکنووسێکی سوورییە.**

**سەرچاوە:**

https://www.alaraby.co.uk/texts/2018/7/11/التماسيح-السحرية-1